**بسم الله الرحمن الرحيم**

## پێشەکی

مادده هۆشبەرەکان یان سروشتین یان دروستکراون و بەکاردەهێنرێن بۆ تێکدان و کەم کردنی چالاکی مێشکی مرۆڤ بۆ ماوەیەکی کەم .. واتە دوو جۆر مادده هۆشبەر هەیە:

یەکەم: مادده هۆشبەرە سروشتی یەکان کە بە شێوەی بنێشت بەکاردەهێنرێن و بۆ ماوەی چەند سەعاتێك بەردەوام دەبن و دەبنە هۆی تێکچوون لە دەمارگەلی گشتی و خاوبوونەوە و بێ هێزی لەش، یان شێوەی هەڵمژین لە ڕێگای کۆئەندامی هەناسەدانەوە کە دەبێتە هۆکارێك بۆ لاوازکردنی ماسولکەی دڵ و تووشبوون بە سینگەسۆتە ( **ذبحة صدرية** ).

دووەم: مادده هۆشبەرە دروستکراوەکان وەکو دەرمانی جۆراوجۆری کیمیایی کە بەشێوەی خەپلە بەکاردەهێنرێت وەکو ئەو جۆرە دەرمانانە کە بۆ وریاکردنەوە و نەخەوتن بەکاردێن کە زۆر جار لە نێوانی شۆفێرەکان بڵاودەبێتەوە لە کاتی لێخوڕین بۆ ماوەیەکی زۆر یان لە نێوان خوێندکاران لە کاتی شەوانی پێش تاقیکردنەوە ، بەڵام دەبێتە هۆی لەبیرچوونی هەموو زانیارییەکانی مێشك بە هۆی کەم خەوی ، هەروەها جۆرەکانی دەرمانی خاوکەری کیمیایی و ماددەی هۆشبەرە دروستکراوە کیمیاییەکان کە کۆنترۆڵی مێشك تێکدەدەن و دەبنە هۆی پەلاماری کەسانی دەوروبەرو کوشتنیان و ئەنجامدانی کاری نائاسایی (**شاذ**) وکێشەکانی دیکەی ئەم حاڵەتە.

### کاریگەری مادده هۆشبەرەکان لەسەر مرۆڤ

مادده هۆشبەرەکان دەبنە کاریگەریەك لەسەر مرۆڤ کە تووشی هەندێ کێشەی کەسێتی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێت وەکو:

یەکەم: کوشتنی کەسانێکی دەوروبەری یان پەلاماردانی کەسانێکی نزیك لە ناو خێزان وەکو خوشك و دایك و کچ و تەعەددا کردن لەسەریان بە هەموو جۆرەکانی کاری نایاسایی و ناشەرعی وەکو چەندەها حاڵەت ڕوودراوە و ڕوودەدات بە شێوەی ڕۆژانە.

دووەم: تووش بوون بە سستبوونی مێشك و کۆئەندامی دەمارگەلی گشتی کە دەبێتە هۆی تێکدان لە شێوەی لەش و کۆنترۆڵکردن لە کاتی هەڵسوکەوت و ڕێکردندا.

سێ یەم: هێزی مێشك وتوانای بیرکردنەوەی کەم دەکات و کەسی تووشبوو بێ ئاگا دەبێت.



چوارەم: کەسی تووشبوو لە کۆتاییە دەمرێت بە هۆی وەرگرتنی ڕێژەیەکی زۆر لە مادده هۆشبەرەکان یان تووشی ئیفلیجی (شلل) دەبێت لە بەشی سەرەوەی یان خوارەوەی لەش.

پێنجەم: دەبێتە هۆی لەناودانی پەیوەندی و دووبەرەکی لە نێوان ئەندامەکانی خێزان و خراپی لە ڕەووشتیان.

هەروەها زیانی تریشی هەیە وەکو ( تێکچوونی مێشك ، ژەهراوی بوونی خوێن بە ئەلکەهوول ، هەوکردنی دەمارەکانی ئەعساب ، هەوکردنی دەمارەکانی چاو کە دەبێتە هۆی کوێری ، هەڵاوسانی سپڵ ، زیادبوونی تاوان و تاوانی ئابڕووتکێن ...هتد).

### کاریگەری ماددەهۆشبەرەکان لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان

مادده هۆشبەرەکان کاریگەریەکی سەرەکیان هەیە لەسەر تێکدانی ئاستی توانا و چالاکی مرۆڤی تووشبوو لە کۆمەڵگادا بە هۆی کەمی تێگەیشتنی مێشك و نەکۆنترۆڵکردنی جموجۆڵی ئەندامەکانی لەش و وازهێنان لە ئەنجامدانی ئیش و کاری ڕۆژانە. هەروەها مرۆڤی تووشبوو لە سەرەتاوە بە ڕێژەیەکی کەم دەست پێدەکات و پارەیەکی کەمی بۆ تەرخان دەکات بەڵام لە دوای چەند ڕۆژێکی کەم ڕێژەی مادده هۆشبەرەکە زیاد دەکات و بڕە پارەی زیاتری بۆ تەرخان دەکات ، هەروەها کەسی تووشبوو کێشەی ئابووری و بێ ئیشی و بێ پارەیی و وازهێنان لە ماڵ و منداڵ و قەرزاری کەسانی دیکە دەبێت جگە لە کێشەی تەندروستی ونائارامی وتاوان. هەروەها دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ تێکدانی کۆمەڵگا و پێویستی بە مووچەیەکی زۆر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی.

### هۆکاری بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان

هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگا زۆرن بەڵام دەتوانین بڵێین چەند هۆکارێکی سەرەکیمان هەیە لەم بابەتە کە دەکرێ بە کورتی باسی بکەین لەوانە:

یەکەم: بێ کاری و بڵاوبوونەوەی فیلمی خراپ لە نێوان گەنجاندا هۆیەکی سەرەکیە بۆ فێربوونیان لەسەر مادده هۆشبەرەکان.

دووەم: کێشەی ڕۆژانەی ناو خێزان .. تێکچوونی نێوان دایك و باوك و خراپی مامولەکردنیان لەگەڵ منداڵەکانیاندا دەبێتە هاندەرێك بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان. هەروەها هاتنی هەندێ خەڵکی بیانی بۆ کوردستان بەمەبەستی



کارکردن مادده هۆشبەرەکان بڵاودەکەنەوە لە کۆمەڵدا ، ئەوەش بزانین زۆر جار مادده هۆشبەرەکان دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئایدز ، وە زۆربەی تووشبووان بەم نەخۆشیە مادده هۆشبەرەکان بەکاردێنن و بڵاویشی دەکەنەوە.

### ئاستی دیاردەی ماددەهۆشبەرەکان لە کوردستاندا

لە کوردستان تا ئێستا زانیاریەکی زانستی تەندروستی تایبەتمان نییە لەسەر ژمارەی تووشبووان بە مادده هۆشبەرەکان چونکە هیچ توێژینەوەیەك نەکراوە بەشێوەیەکی پزیشکی یان یاسایی بۆ زانینی ڕێژەی کەسانی تووشبوو و دانانی چارەسەرێکی گونجاو و خێرا بۆ ئەم کێشەیە پێش بڵاوبوونەوی بەشێوەیەکی مەترسیدار کە دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی تاوان و کاری نایاسایی.

### ئایا بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان زیاتر لە چی چینێکی کۆمەڵدا دەبینرێت ؟ بۆ چی ؟

جیاوازی هەیە لە نێوان توانای کەسەکان لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ کڕینی مادده هۆشبەرەکان بە گوێرەی نرخ و توانای پێدانی ئەو نرخە، بۆیە ئەم بەکارهێنانە زیاتر لە نێوان ئەو کەسانەدا دەبینرێت کە بەتوانان لە ڕووی ئابوورییەوە ، هەروەها لە نێوانی کەسانێکی توانای ئابووری کەم بڵاودەبێتەوە ، ئەمە و جگە لە چینی گەنجان و لاوان و هەرزەکاران کە ژمارەی تووشبوونیان زۆرترە بە هۆی نەزانینەوە و کێشەی دەروونی کە لەم توێژەدا زۆرتر دەبێت.

### چۆنێتی بنبڕ کردنی ئەم دیاردەیە

کەسانی تووشبوو بەتایبەت گەنجان ئەگەر زانیان مادده هۆشبەرەکان زۆر بە ئاسانی دەردەکەون لە پشکنین و شیکردنەوەی نموونەی میز کە لە دوای چەند ڕۆژێك لە ناو میزەکەدا دەمێنێت ئەوا دەبێتە هۆکارێك بۆ دوورکەوتنەوەیان لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە مادده خراپانە لە ترسی ئاشکرابوونیان لە لایەن کەسانی دەوروبەرەوە ، بۆیە سەر باوکانە ئاگاداری هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان بن ئەگەر نیشانەی مادده هۆشبەرەکانیان بۆ دەرکەوت دەبێت پشکنینێك ئەنجام بدەن لەسەر نموونەی میز لە بنکەی تەندروستی ، وە دەبێت نموونەی میزەکە لە ناو پەرداخێکی پلاستیکی پاك بۆ ماوەی ٣ بۆ ٤ ڕۆژ کۆبکرێتەوە لە ناو سەلاجەدا بپارێزرێت وە ئەگەر ئەنجامی پشکنینەکە پۆزەتیڤ بوو ، دەبێت پشکنینەکە دووبارە بکرێت لەسەر نموونەکە بۆ دڵنیایەکی زیاتر و کەمی هەڵە.

## چارەسەری کەسی تووشبوو

کەسی تووشبوو بە چەند جۆرێك چارەسەر دەکرێت لەوانە:

یەکەم: لەناوبردنی ماددە ژەهراویەکانی ناو لەش و کەمکردنی ئازار و پێدانی شلەمەنی.

دووەم: چارەسەرکردنی دەروونی و کۆمەڵایەتی بە زانینی کێشەی ناو خێزان و هۆکاری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر.

سێیەم: فێرکردنی کەسی تووشبوو بۆ ئەنجامدانی کارێکی گونجاو بە شێوەی ڕۆژانە و چارەسەرکردنی کێشەی نێو شوێنی ئیش وکاری.

چوارەم: باشکردنی پەیوەندی کەسی تووشبوو لەگەڵ خێزان و دەوروبەری.

پێنجەم: بەدواداچوونی بەردەوام لەسەر کەسی تووشبووی چارەسەرکراو بۆ ماوەی ٦ مانگ تا ٢ ساڵ لە سەرەتای دەستپێکردن بە چارەسەرکردنی.

## دوا وتەی ئەم بابەتە

باش وایە باسی هەندێ نیشانەی تەندروستی بکەین بۆ زانینی حاڵەتی کەسانی تووشبوو بە کێشەی ماددە هۆشبەرەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان بۆ ئەوەی کێشەکە زیاد نەکات لە ناو کۆمەڵگای کورد چونکە ئەگەر زیادی کرد بە ئاسانی بنبڕ ناکرێت و باری ئاسایشی وهێمنی ناو وولاتەکەمان تێکدەدات.

زۆر جار دەبینین کەسانی تووشبوو بە ماددە هۆشبەرەکان هەوڵدەدەن بۆ کڕینی ئەم جۆرە ماددانە بە هەر نرخێك بێت کە حاڵ و ماڵی خۆیان و هەموو شتێك دەفرۆشن بۆ ئەم مەبەستە و دەبێتە هۆکارێك بۆ پەلاماردانی ئەندامانی خێزانی خۆیان لە لایەنی کەسانی دیکە ودوورکەوتنەوەیان لە کۆمەڵگا بە گشتی و دژایەتی کردنی کەسانی دەوروبەریان بە توندی و دەبێتە هۆی ڕوخاندنی پەیوەندی لە نێوان مێرد و خێزان و مندال و تێکدانی خێزان بە گشتی و تووشبوون بە کێشەی ئابڕوتکێن و دزی کردن و ئەنجامدانی ئیشی خراپ و کوشتن بۆ دەستکەوتنی پێویستی خۆیان لە ماددە هۆشبەرەکان ، هەروەها دەرکەوتنی نیشانەی تایبەت لەسەر کەسانی تووشبوو بە ماددە هۆشبەرەکان وەکو هەوکردنی هەردوو سێنگ و هەوکردنی دیواری ناوەڕاستی دڵ و تووشبوون بە کەم خۆراکی و هیلاکی و لاوازی ونەخۆشی کۆئەندامی زاوزێ و حەساسیەت و نەخۆشی دەروونی دەمارگەلی ، لەگەڵ تووشبوون بە دڵەڕاوکێی دەروونی و کرژبوونی دەمارگەلی و توند و تیژی لە هەڵسوکەوت و



لەرزی لەش و هێڵنج و کرژبوونی ماسولکەکان ، لەگەڵ هەستکردن بە نائارامی لە بیرکردنەوەو تێکچوونی باری کەسێتی خۆیەتی و هەست نەکردن بە کات و شوێنی خۆیان و هەستکردن بە تەنیایی ودوورکەوتنەوە لە خێزان و کۆمەڵگا و دەبێتە مەترسی گەورا لەسەر کەسانی دەوروبەر بەهۆی تاوان و پەلاماردانی خەڵکی شارەکەیان بە شێوەیەکی توند و نا یاسایی.

هەروەها کەسانێکی تووشبوو دەگۆڕێن لە ئاستی جموجۆڵی خێرا بۆ ئاستی خاوبوونەوە و ئاستی خوێندنیان تێکدەچێت و لە زۆربەی بابەتەکان پلەیان خراپ دەبێت و شێوەی جل و بەرگیان نارێك و نائاسایی دەبێت و ڕەنگی دەموچاویان زەرد دەبێت و هەست بە ماتبوون و قەهرو خەفەت و لاوازی دەکەن و هەڵسوکەوت و ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بە نهێنی دەردەخەن و ناو و ناونیشانی برادەرەکانی خۆیان ئاشکرا ناکەن چونکە لە یەك گروپن و بە پێکەوە ماددە هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن ، هەروەها نیشانەی ڕێژەی خواردنی شیرینی و شەکر زیاد دەکات لە نێوانی کەسانی تووشبوو بەڵام بە پێچەوانەوە دەبینین ڕێژەی خواردنی خۆراکی جۆراوجۆری ڕۆژانەیان زۆر کەم دەبێت بە هۆی تێکچوون لە مێتابۆلیزمی هەرسکردن و کێشەی دەروونیان ، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە کوردستاندا دەبێت چەند ڕێ و شوێن لەبەر بگیرێت لەوانە:

کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی کوردستان بەدەوروبەرەوە و نەهێشتنی بڵاوکردن و فرۆشتنی ، دروستکردنی چەند ستافێکی پزیشکی بۆ بەدواداچوونی بەردەوامی ئەو حاڵەتە ، دروستکردنی بنکەی تەندروستی تایبەت بەو کەسانەی تووشبوو بە ماددە هۆشبەرەکان ، ئەنجامدانی چەند توێژینەوەیەکی وورد لەسەر ڕێژەی تووشبووان و جۆری چارەسەرکردنیان ، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە نێوان گەنجان و هەرزەکارەکان لە مەترسیەکانی ماددەهۆشبەرەکان.

لە کۆتایشدا دەبێت مەلا و مامۆستایانی ئاینی لەم بوارەدا ڕۆڵ بگێرن چونکە تەنها ترس لە خوای گەورە و زانینی حەرامی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ بنبڕکردنی ئەم کێشە بە شێوەیەکی گشتی ،پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ ( **كُلُّ مُسْكِرٍ خَمْرٌ وَكُلُّ خَمْرٍ حَرَامٌ** ). (رواه مسلم — فەرموودەی ژمارە ٣٧٣٥ -ج١٠).



# مەترسی

# ماددە هۆشبەرەکان

# و

# چۆنێتی بنبڕکردن وچارەسەرکردنی



ئامادەکردنی

**گۆشەی پزیشکی لە ماڵپەڕی بەهەشت**

www.ba8.org